یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی بالای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء


ژمارە : ٤٨٤      مێژوو /١١/ ٧ / ٢٠١٩

## (حوکمی وەرگرتنی پارە لە بری حەوالەکردن )

دوای ئەوەی چەند هاولاتیەکی هەرێمی کوردستان پرسیاریان کرد لە بارەی ئەوەی کە (( نوسینگەکانی حەوالەکردنی پارە لە هەرێمی کوردستان، جاری وا هەیە کە کەسێك پارەیان لە لا حەوالە دەکات، لە جیاتی ئەوەی برێك پارەیان لێ وەردەگیرێت وەك کرێ ی حەوالەکە، بە پێچەوانە برە پارەییەکیان پێدەدەن، ئایا ئەو برە پارەیە حەلالە یان نا ؟)) .......

ئەنجومەنی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان لە دانشتنی رۆژی سێشەممە ٢ /٧/ ٢٠١٩ دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لە سەر ئەم بابەتە، و بە سوود وەرگرتن لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر(د.خ) رای زانایانی فیقهی ئیسلامی و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام وەلامی ئەم پرسیارەی بەم شێوەییەی خوراوە دایەوە:

لە بەر ئەوەی ئەم بابەتە، بابەتێکی تازەیە یە و بە پێ ی زانیاری ئێمەش جگە لە عێراق لە هیچ ولاتێکی تری دونیا ئەم جۆرە مامەلە یە بوونی نیە، بۆیە پێویستی کرد کە ئەنجومەنی بالای فەتوا سەرچاوەی ئەو برە پارەیە کە بە زیادەوە دەدرێتە هاولاتیان و دواتر هۆکاری دروست پەیدا بوونی ئەو برە پارەیە بزانێت پاشان حوکم و فەتوای لە سەر بدات، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی کرا بە چەندین نوسینگەی حەوالە و بەرپرسانی وەزارەتی دارایی عێراق و پسپۆرانی ئابووری، دوا جار سەرچاوە و هۆکاری ئەو برە پارەمان بۆ روون بووەوە و بەم شێوەی خوارەوە وەلامی ئەو هاولاتیانە دەدەینەوە :

سەرچاوەی ئەو برە پارەیە زیادەیە:

بۆ ئەوەی زانایان و هاولاتیان هۆکاری فەتواکەی ئێمە بزانن، سەرچاوەی ئەو برە پارەیان بۆ روون دەکەینەوە، کە لە ئەنجامی بەدوادا چوونمان بۆمان دەرکەوتووە کە بەم شێوەییەی خوارەوە یە:

کاتێك وەزارەتی دارایی عێراق پێویستی بە دابینکردنی پارەی عیراقی دەبێت داوا لە بانکی مەرکەزی دەکات بۆی دابین بکات لە پارەی نەوت – کە دوای فرۆشتنی لە یەکێك لە بانکەکانی ئەمەریکا دادەنرێت – بانکی مەرکەزیش بە فەرمی و بە فەرمانی دارایی و بە پێی رێکارە فەرمیەکان و بە پێویستی حکومەت ئەو پارانە دەهێنێتەوە عێراق، بەلام لە بەر ئەوەی نیزامی بانکی رێك و پێك نیە لە عیراق، ڕاستەوخۆ ئەو پارانە نایەنەوە ناو حیسابی بانکی مەرکەزی، بەلکو دەخرێنە سەر حیسابی هەندێ بانك لە تورکیا و دوبەی، جا بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق حمولە و زەریبەی نەدات کە لە دوبەی و تورکیا داخیلی عیراق دەکات، ئەم رێکارە دەگرێتە بەر:

بانکی مەرکەزی هەلدەستێت بە فرۆشتنی دۆلار بە بانکەکان بە شێوەی موزایەدەی عەلەنی بە کەمتر لە نرخی دۆلار لە بازار، لە بەر ئەوەی پارەی نەوت بە دۆلارە و سەرفی حکومەتیش دیناره، بەلام مەرجە هەر کەسێك داخیلی موزایدە

ببێت و بانکی مەرکەزی دۆلاری پێ بفرۆشیت، بایی چەندە بکرێت، ئەوەندە موستەنەداتی بازرگانی پێبێت، مانای بایی ئەو برە پارەیە کالای هێنابێتە ناو عێراقەوە، بە بەڵگە و موستەنەداتی ڕەسمی، وەك وەرەقەی گومرکی سنوور و عەقد لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کالای لێ کڕیووە ... هتد .

جا بە پێی زانیاری ئێمە زۆربەی ئەو موستەنەداتانە تەزویرن و لە بانکەکان بۆ خۆیان درووستی دەکەن، هەندێ جاریش لە بازرگانەکانیش دەکڕنەوە، چونکە بانکی مەرکەزی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بازرگانەکان مامەڵە ناکات، ئینجا لە بەر ئەوەی بانکەکانیش دۆلاریان لە بانکی مەرکەزی کڕیوە، بە هەرزانتر لە نرخی بازار، نیسبەیەك لە قەزانجەکان دەدەنە ئەو بازرگانانەی موستەنەداتەکان بۆ دەهێنن، یان ئەو حەوالانەی کە پارەی عیراقی و سیولەیان بۆ دابین دەکەن.

دوای ئەوەی بانکەکان پارەی عیراقی و موستەنداتیان تەسلیمی بانکی مەرکەزی کرد، ئینجا بانکی مەرکەزی دۆلارەکەیان بە نرخێکی هەرزانتر لە بانکەکانی دەرەوەی عێراق وەك( تورکیا- دوبەی - چین) بۆ دەخاتە سەر حیسابیان، وە بازرگانەکانیش لە چەندین شێوەی جیاواز ئەو پارانە دەهێنەوە ناو عێراق، وەك ڕێی قاچاغ،یان لە ڕێی کالانەوە، یان هەر نایهێننەوە و لە بانکەکان خەزنی دەکەن و پارەی بەرپرسانی پێ سپی دەکەنەوە.

گرفتە شەرعیەکانی ئەم مامەڵە یە:

١- زۆربەی ئەو موستەنداتانەی کە بانکەکان تەسلیمی بانکی مەرکەزی دەکەن، تەزویرە، یان بڕەکەی کەمترە لەو بڕەی کە پێویستە و بە بەرتیل و ڕیشوە و چاوپۆشیان لێ دەکرێ ، بۆ نموونە: موستەندات و ئەوراق بایی پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی پێشکەش دەکەن، بەڵام بایی یەك ملیۆن دۆلار کالایان هێناوەتەوە ناو وڵاتەکە، یان ڕێکدەکەوێ هەر هیچ کالایان نەهێناوە .

٢- ئەو دۆلارەی لە بانکی مەرکەزی، بانکەکان دەیکڕن بە نرخێکی هەرزانتر، زۆر جار ( تقابض) دەست بەدەستی تێدا نیە، بەو مانایەی کاتێك بانکی مەرکەزی دۆلارەکەی لە دەرەوەی وڵات بۆ دەخاتە سەر حیسابەکەی، ئەویش لە هەمانکاتدا پارەی عێراقی تەسلیمی بانکی مەرکەزی ناکات، بە ڵکو تەنها موستەنەداتەکان تەسلیم دەکات،یان بە پێچەوانەوە،ئەوەش لە پارە نابێت (تقابض) دەست بە دەستی مەرجە تیایدا.

ئەم مامەڵە یە هەندێ جار بوەتە ڕێگایەکی باش گونجاو بۆ سپیکردنەوەی پارە لە لایەن هەندێ لە بەرسانەوە بردنی بۆ دەرەوەی وڵات و دانانی لە بانکە جیهانیەکان، کە لە ڕاستیدا مەبەست لێی ڕاگرتنی تەوازونە لە نرخی بازار و دولار و کالاکان و هێنانەوەی پارەی نەوتە، بە شێوەیەکی باش و هەرزان.

Kurdistan Islamic Clerics Union
Executel Office
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

| یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان مەکتەبی تەنفیزی ئەنجومەنی باڵای فەتوا | بسم الله الرحمن الرحيم | إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان المكتب التنفيذي المجلس الأعلى للإفتاء |
|---|---|---|

بڕیاری شەرعی:

بەپێ ی ئەو بەدواداچوونانەی لای سەرەوە، ئەو گرفتە شەرعیانەی لە ئەصڵی درووست بوونی ئەو پارە زیادانەوە پەیدا دەبن، پێمانوایە ئەو بڕە پارەیەی بە زیادە، لە لایەن نوسینگەکانی حەوالەکردنی پارەوە دەدرێتە هاولاتیان لە کاتی حەواڵەکردنی پارەکانیان لە جیاتی لێیان وەربگیرێ بە لایەنی کەمەوە بە پارەیەکی گوماناوی دەزانین، بۆیە داوا دەکەین:

١-هاوڵاتیان خۆیان بپارێزن و ئەو بڕە پارەیە وەرنەگرن،و ئەگەر وەریشیانگرت لە ڕێگەکانی خێر و چاکەی گشتیدا سەرفی بکەن،( إن الحلال بيّن وإن الحرام بيّن ، وبينهما مشتبهات لا يعلمهن كثير من الناس، فمن اتقى الشبهات فقد إستبرأ لدينة، و عرضه، ومن وقع في الشبهات وقع في الحرام).(متفق عليه من حديث النعمان بن بشير رضي الله عنهم).

٢-هەروها داوا لە هاولاتیان دەکەین مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە نوسینگانە نەکەن، کە ئەو بڕە پارە زیادانە دەدەنەوە، هەروها داوا لە نوسینگەکانی حەواڵەکردنیش دەکەین کە خۆیان و پارەکانیان بە دوور بگرن لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بانك و کۆمپانیانەی کە ئەو جۆرە مامەڵە یە ئەنجام ئەدەن، چەنکە خوای گەورە دەفەرموێت: ( وتعاونوا على البر و التقوى و لا تعاونوا على الإثم والعدوان).( سورة المائدة / ٢)

٣- داوا لە وەزارەتی دارایی عێراق و بانکی ناوەندی دەکەین ئەم جۆرە مامەڵانە رابگرن و رێکاری شەرعی بدۆزنەوە بۆ ئەم کارە، چونکە وەك باسمانکردووە ئەمە جۆرێکە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی و هۆکارێکی ئاشکرایە بۆ سپی کردنەوەی پارە و سەروەت و سامانی گشتی، خوای گەورە دەفەرموێت : (و لاتأكلوا أموالكم بينكم بالباطل و تدلوا بها الى الحكام لتأكلوا أموال الناس بالإثم وأنتم تعلمون)، سورة البقرة ١٨٨، و پێغەمبەری خۆشەویستیش (د.خ) نەهی کردووە لە بەفیرۆدانی ماڵ ( نهى عن إضاعة المال) (متفق عليه من حديث المغيرة بن شعبة رضي الله عنه)

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٣٠/شەووالی/١٤٤٠هیجری ، ١١/ پووشپەڕی/٢٧١٩ کوردی ، ٢/تەمموزی/٢٠١٩ میلادی